

# ئاگربەستەکەی یەکێتیو گۆڕان

22/8/2010

ئاوات عەلی

دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەناوی »گۆڕان« لەناو گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەندەی پەیوەندیی بەبوونی کێشەو ناکۆکی هەبوو لەنێو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، ئەوەندە پەیوەندی بەناڕەزایيو نیگەرانی هاوڵاتیانەوە نەبوو لەدەسەڵاتێکی چەق بەستوو.
لەگەڵ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەدا، ململانێو گرفتی سەرەکی کەوتە نێوان بزووتنەوەکەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەهەندێك کەس بەدایکی بزووتنەوەی »گۆڕان«ی دادەنێت، بەهۆی ئەوەی زۆربەی رەمزە دیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە کۆنە سەرکردەکانی یەکێتین.
ململانێی نێوان ئەم دوو خەسمە سیاسییەی گۆڕەپانەکە، لەسەردەمی هەڵبژاردنەکاندا گەیشتە رادەیەك کەبەزمانی راگەیاندنەکانی خۆیان «هەڵبکوتنە سەر بارەگاکانی یەکترو ئەندامانی یەکتر بریندار بکەن».
لەگەڵ تەواوبوونی سەردەمی هەڵبژاردنەکانو کشانەوەی لایەنگرەکانیان لەسەر شەقامەکان، شەڕی ساردی نێوان» یەکێتیو گۆڕان« گواسترایەوە بۆ ناو راگەیاندنەکانی هەردوولا، ئەمە بێجگە لێدان لەبەرژەوەندییەکانی یەکتريو نانبڕینو دروستکردنی کێشەو گرفت بۆ ئەندامانی یەکتر.
دوای تێکەڵکردنەوەی وەرەقەکان، ئێستا سەردەمێکی نوێ هاتووەتە بەردەم ئەم دوو هێزە سیاسییە، ئەویش سەردەمی ئاگربەستی شەڕی راگەیاندنو نزیکبوونەوەو ئاشتبوونەوەیە، بەڵام!
مەبەست لەو بەڵامە ئەوە نییە کەئێمە نیگەرانی ئاشتبوونەوەو نزیکبوونەوەی ئەم دوو هێزە سیاسییە بین، ئەوەی دەبێتە هۆی نیگەرانی ئێمە ئەو دەرئەنجامانەیە کە لە سەرەتای ئاگربەستەکەوە دەرکەوتووە، کە ئەویش کوشتنی جیاوازییەکانو گەڕانەوەیە بۆ سەر یەك هێڵی کارکردن.
پێشئەوەی هەردوولا ئاگربەستێکی نهێنی رابگەیەنن بۆ شەڕی راگەیاندنیان، هەرچییەك دەنگی کەوتنە خوارەوەی دەرزییەکی لێبهاتایە ئێمپریفایەری راگەیاندنەکانیان دەیخوێندەوە، بەڵام ئێستا بەرژەوەندییەکانی هەردوولا کەوتووەتە پێش بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی تینو بەزانیاری ئەم وڵاتەوەو ئەوەی لەسەرەوە رێگەی پێنەدرێت ماکینە راگەیاندنەکانی هەردوولا ناتوانن پەنجەی بۆ بەرن.
ئەم سەردەمەی ئێستا بۆ دەزگا راگەیاندنەکانی یەکێتی شتێکی نوێ نییەو ناشتوانین گلەییان لێبکەین، چونکە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەو پەخشی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانیانەوە بەرگریان لەیەکێتيو بەرژەوەندییەکانی کردووەو نەشیانشاردووەتەوە.
بەڵام دەزگا راگەیاندنەکانی کۆمپانیای »ووشە »لەگەڵ هاتنیان بۆ ناو سوپای راگەیاندنی کوردی، دروشمو ئاڵای سەربەخۆيیو ئازادی رادەربڕینو مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیانیان بەرزکردبووەوە، ئەی خۆ ئێستا دەکرێ بپرسین کوا دروشمو ئاڵاکانتان؟
دەکرێ جارێکی تر لە» گۆڕان« بپرسین ئێوە هاتنە مەیدانی سیاسی ئەم هەرێمەوە، بۆ ئەوەی بە گژ

سایکۆلۆژیای سەرکردەکاندا بچنەوە کە دەستیان گرتبوو بەسەر راگەیاندنەکانی حیزبەکانیاندا، ئێوە هاتن راگەیاندنەکانتان بخەنە بەرژەوەندی هاوڵاتیانەوە، ئێوە هاتن هاوڵاتیان بەمیدیای راستگۆو بوێر ئاشتبکەنەوە؟
دەبێ ئەوەش بزانن کەئێوە نەهاتوون بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی میللەت هاوکێشەکانی خۆتان هاوسەنگ بکەنەوە، ئێوە نەهاتوون ئەوەی ویستان ئاشکرایبکەن‌و ئەوەی بەرژەوەندییەکانتان نەیهێشت بیشارنەوە.
ئەگەر ئێوەش وەك پارتی‌و یەکێتی بیر دەکەنەوەو بەهەمان رێگا کۆنەکانی ئەواندا دەڕۆنەوە، ئیتر بۆ هاتن، چونکە گەروا بڕوات بێجگە لەزیادکردنی ژمارەیەك بۆ سەر لیستی حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە مەزڵومە هیچی ترتان نەگۆڕی!.

awathawlati@yahoo.com